# ئەو جیهانەی (جەزا چنگیانی ) بانگەشەی بۆدەكات

زمناكۆعبدالله
zimnako_a@yahoo.com

بەدرێژایی مێژووی مرڤایەتی پێناسەو لێكدانەوەی زۆر كراوە بۆ ( سێكس ) وەك لایەنێك لە لایەنە رۆحیەكانی مرۆڤ ، و وەبەردەوام لێكدانەوەی نوێ ی بۆ دەكرێت ، بەلاَم لە هەموویان قێزەونترو بێ واتا ترو گالتەجارتر ، لێكدانەوە (فرۆید) یەكەیانە ، كە تاوەكو ئەو رۆژەی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەكرێت تێروانینێكی وەها ترسناك و رەش لەخۆ ناگرێت ،كەدوا جار كۆمەلگای مرۆڤایەتی دەكاتە گەورێكی فرە رەگەزو، هیچ بەهایەك بونی نابێت لەنێوان تاكەكاندا جگە لەدامركاندنەوەی ئارەزوی سێكسی ، ئیتر بەهەج بەهایەك بێت گرنگ ئەوەیە حەزی ناوگەلی نێرەكان ئاهێكی پیادابێت ،وەلەم پێناوەدا رەگەزی (نێر) چ ناوێك دەنێت لەو كەلگاییە ،ئازادەو سنورێك و بازگەیەك نییە رایبگرێت .

بەپێی لێكدانەوەی (فرۆید ) بۆ سێكس ، (كە كاك جەزا لەنوسینەكانیدا پشتی بەم بیردۆزە بەستوەو كردویەتیە هەوێنی پەیڤەكانی ) ،كۆرپەی تازە لەدایك بوو لەوساتەوەختەی كەلەوجیهانە تەسك و دیاری كراوەی سكی دایكیەوە دێتە ئەم جیهانە فراوان و بێكۆتایەوە ،گورج دەست دەكاتە زریك و هاوار و لای ئەو وایە كە كۆتایی بە ژیانی هاتوە و ئەم جیهانە تازەیەی یەكەم هە نگاوی بەرەو مردن چونیەتی ،بەلاَم كاتێك كەهەست دەكات ئەوەچەند ساتێكە لەجیهانە نوێ یەكەیدا هەناسەدەدات و سەرچاوەی خۆراكی لە (وێلاَش )ەوە گۆڕاوە بۆ مەمكەكانی دایكی ،هەربۆیە دەست و برد و بەبێ ئەوەی كەكەسێك ئاماژەی بۆ بكات و ببێتە رێ نیشاندەری دەست دەكات بە وەرگرتنی ئەو برە شیرەی كەلەمەمكی دایكی دا بۆی هەلگیراوە ،بەلاَم (فرۆید) و فرۆیدیەكان ی هاوشێوەی جەزا چنگیانی ،بروایان وایە ئەو كۆرپە تازە پەیدابوەی كە هێشتا ئەندامەكانی هەستی هەر لە چاوو گوێ و لوت و هەستەكانی تری نەكەوتونەتەكار ،لەكاتێكدا پەلاماری مەمكی دایكی دەدات ،بۆمژینی چۆرە شیرەكان ،ئەوە تەنهاو تەنها (سێكس)ە كە پالَ بەو كۆرپەلەوە دەنێت كە مەمكی دایكی بمژێت ، نەوەك برسیەتی و ململانێی بۆ بەردەوامی دان بەژیانی خۆی !!!، ئاخر دەبێت تازەپەیدابویەك چ چێژێك ببینێت لەمژینی مەمكی دایكی جگە لە تێركردنی (گەدە) نەبێت ؟؟ ئەگەر بێت و بۆچونی ئەمانە برێك لۆژیكی تێدابوایە ئەوا دەبوو ، ئەگەر كۆرپەی تازە پەیدابوو كچ بوایە

،دەست و برد پەلاماری (.....) باوکی بدایەو حەزە سێکسیەکانی خۆی پێ تێر بکردایە ،یان هەمان منداڵ کەتاوەکو دوو ساڵی تەمەنی مەمکی دایکی بە پاڵنەرێکی سێکسی دەمژێت (بەپێی بۆچونی فرۆید چنگیانی) ، ئەوا پاش ئەو دوو ساڵە بێگومان هێزی سێکسی بەهێز تر دەبێت و تادەگاتە شەش و حەوت ساڵ کراسێکی دایکی بەساغی ناهێڵێت !!.

کاك جەزا دێت و فرمێسکی تیمساحی بۆ کۆمەڵگای کوردی دەڕژێت و ،لەگەڵ ژنی کورددا ،شەپۆڕی پیاو سالاری دەکات و لەهەمان کات دا گەنج و لاو ڕام دەهێنی لەسەر ئەوەی کەهیچ بەهاو ، سنورێك نەخوێننەوە لەبەردەم تێرکردنی ئارەزوی سێکسیانداو ،ئافرەتان دەخاتە بەرنەشتەری حەزە بێ سنورەکانی پیاوەوە ،هەوڵ دەدات وێنەیەك لەلای ، لاوی کورد دروست بکات و پێی بڵێت کە ڕەگەزی (مێ ) دروست نەبوە تەنها بۆ تێرکردنی حەزی تۆ نەبێت ،ئیتر ئەو ( مێ) یە هەرکەسێکە قەیدی نیە ،ئەی ئەوە نیە پێمان دەڵێت کە (من ) و ( تۆ ) بەمناڵی سێکس هانی داوین کە مەمکی دایکمان بمژین !.

لەنوسینەکانی ئەم زاتەوە ئەوەدەخوێنرێتەوە ، کەمرۆڤایەتی بەهەمو ڕەهەندو بەهەکانی وەك ( پێکەوەژیان ،ڕێز لەیەکدی گرتن ،خۆبەخت کردن ،ماف ،هەوڵ دان .....تادوایی) هیچی ساتێکی جووت بوون ناهێنێت لەنێوان کچ و کوڕێکدا ،وە دێت و هەموو بەها مۆڕاڵیەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت و ،دەیەوێت بەرەیەکی نامۆڕاڵی دروست بکات، لە تاکە ،ون و بێ ئاگا و مەستەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر ئەوە ژێرخانە مۆڕاڵیەی کە بەرد لەسەر بەرد ،باوو باپیرانمان بنیاتیان ناوە .

من تێناگەم جەزا چنگیانی ،بۆچی هێندە و بەم شێوەیە چنگی لە سێکس گیر کردوە وهەمونوسینەکانی مل شۆڕدەکەنەوە بۆ ناوگەڵ و ، لەوێ هەموو شتەکان بەچەند تەکانێك کۆتاییان پێ دێت ، لەهەمان کاتێشدا بانگەشەیەکی بێ وچانیشی بۆ دەکات و ، بەزمانی حاڵ دەڵێت وەرن بۆ ئەم جیهانەی کە چ جیاوازیەکی نیە لە گەڵ ئەو جیهانەی ، کە لەلای ئاژەڵە بێ فام و ئەقڵەکان دەگوزەرێت و جگە لە (سێکس) شتێکی تر واتای نیە.

بەبۆچونی من جەستەی ئەم مرۆڤە نەخۆشە (جەزا) ، بووەتە لەوەڕگا بۆ ڤایرۆسی نەخۆشیە سێکسیەکان و ، ڤایرۆسی (ئێدز) تەراتێنی تێدا دەکات و ، هەربۆیە دەیەوێ هەموو کەسێکی دیکەش ببنە نێچیری دەست نەخۆشیە بێ چارەسەرەکان ،یان ئەوەتا خاوەنی خانە سێکسیەکانەو ئەم سود مەند دەبێت لەو کاتەی هەمو کەسێکی دیکە خاوەنی هەمان بیرکردنەوەی ئەو بن